


# تەڵەی کچان بۆ پیاوە خێزاندارەکان

## کێن ئەو پیاوانەی دەکەونە داوی خۆشەویستی کچانەوە؟




ئاکۆ



فەرمان



ئاسۆ



ئومێد



دلێر

ئا: بێگەرد حوسێن

●●●
**هەندێک لە کچان بە فرت و فێڵ و شێوازی جۆراو جۆر لە پیناو هەندێک بەرژەوەندی پیاوی خێزاندار لە خشتە دەبەن**
●●●

●●●
**توێژەرێکی کۆمەڵایەتی: جۆری پەیوەندی ژن و مێرد و تێنەگەیشتنیان لە مانای خۆشەویستی کاریگەری بەرچاویان هەیە**
●●●



بە جوانی و نیگای ئەفسوناوی هەڵخەڵەتام، زۆربەی ڕۆژان لەگەڵ پاسەکەم سوار دەبوو بەرەو کۆلێژەکەی دەڕۆیی، نیگای ئەو تەواو کاری تێکردم تا ئەوەی ڕۆژێکیان قسەم لەگەڵ کردو هەموو شتێکم بۆ باس کرد، پێم گوت: خێزاندارم و دوو منداڵیشم هەیە،بەڵام ئەو ڕازی بوو پەیوەندیم لەگەڵ ببەستێ، بۆیە جار جارە لە پارك و باخچەکان ژوانمان دەبەست، تائەو ڕۆژەی یەکێك لە خزمەکانی ژنەکەم ئێمەی بینی و یەکراست هەواڵەکەی بۆ خێزانەکەم گواستبووەوە، (تەیفور)کە ئەو قسانەی بۆ دەکردین خەم و نیگەرانییەکی زۆر لە چاوانی دبینرا، ئەو بەردەوام بوو گوتی: ئەو ڕۆژەی کە چوومەوە ماڵ دەبینم ماڵ چوڵەو کەسی لێ نیە، هەر چەند دەقیقەیەك دواتر خەزورم پەیوەندی پێوەکردم و پێی گوتم:ئیتر ژیانی ئێوە پێکەوە تەواو،وەرە کچەکەم تەڵاق بدە، زۆر هەوڵمدا و داوای لێبوردنم لێی کرد، بەڵام ئەوان سوربوون لە سەر تەڵاقدان، بۆیە چوومە خوازبێنی خۆشەویستەکەم کەچی دایك و باوکی ڕازی نەبوون و گوتیان:ئێمە کچەکەمان بە پیاوی خێزاندار نادەین،(تەیفور) دەڵێت: ئێستا تاك و تەنیا ژیان دەگوزەرێنم، لە ئاشیش بووم لە ماشیش، زۆر پەشیمانم بەڵام نازانم چی بکەم!؟

ـ (تەیفور) نمونەیەکە لە ژمارەی ئەو پیاوانەی جا بەهۆ بێ، یان بێ هۆ،ڕۆژانە دەکەونە تەڵەی ئەو کچانەی داو بۆ پیاوە ژندارەکان دەنێنەوەو لە ماڵ و منداڵەکانیان دەفرێنن، هەندێك پێیان وایە لەوەشدا پیاو تاوانبارە و ئافرەت گوناهی نیە،هەر چۆنێك بێ ئەوەی نکوڵی لێناکرێت ئەو حاڵەتە سەرچاوەی چەندین گرفتی کۆمەڵایەتییە.

ـ (ئومێد موحسین) لە فەرمانگەی دادنووسی هەلێر پێی وایە هۆکاری سەرەکی ئەو حاڵەتە پەیوەستە بە نەبوونی سۆزو خۆشەویستی لە نێوان ژن و مێرد ئەو دەڵێت: هەڵە کردن لە هەڵبژاردنی هاوسەری ژیان یان نەبوونی تێنەگەیشتن و یەکتر ناسینی بەر لە هاوسەری زۆر جار پیاو تووشی ساردو سڕی و فەراغی سۆزداری دەکات لە ژیانی هاوسەریدا و هانی دەدات بە دوای یەکێکی دیکەدا بگەڕێ، یان بکەوێتە تەڵەی هەر کچ و ئافرەتێك گەر ڕووی بداتێ و یان سۆزو خۆشەویستی پێ ببەخشێ، (ئومێد) باسی لەوەش کرد کە جاری واش هەیە ئافرەت بە هەڵسوکەوت و نیگاو جوانییەکەی هەوڵی لە خشتە بردنی پیاوان دەدات، زۆر جار کچان بە فرت و فێڵن لەم کردارەیان لەوانەیە مەبەستیان وەدەست هێنانی بەرژەوەندییەك بێ جا ماددەی بێ یان ڕۆحی، هەر وەها گوتی: بە هەرحاڵ من پێم وایە ژن و پیاو هەردووکیان تاوانبارن، هەر کەسێکیش بکەوێتە داوی گەمەیەکی لەو جۆرە مرۆڤێکی ساویلکەو نەفامە.

ـ (ئاکۆ سابیر) سەرپەرشتیاری پسپۆری لە پەروەردەی یەکی هەولێر هۆکاری ئەمە بە پلەی یەك بۆ لایەنی سێکس و حەزو ئارەزووەکانی پیاو دەگەڕێنێتەوەو دەڵێت: ڕۆشنبیری سێکسی بەشێکی گرنگی ژیانی هاوسەرییە،بەڵام بەداخەوە فەرامۆشکراوو تەریکە،ئەو گوتیشی: پیاوان گرنگی لە ڕادەبەدەر بەو لایەنە دەدەن، بۆیە گەر ئافرەت نەیتوانی تێنوویەتی پیاو بشکێنێ و حەزەکانی دەستەبەر بکات، بێگومان چاو لەدەر دەبێ و بە دوای یەکێکی دیکەدا دەگەڕێت، بۆیە من لەگەڵ ئەو ڕایەدا نیم کە دەڵێت (پیاوان هەروان ناوە ناوە حەزیان لە گۆڕان و نوێکارییە)

ـ بەبڕوای (ئاسۆ سابیر)یش مۆبایل و ئەنتەرنێتیش ڕۆڵی نەرێنییان لەو پرسانەدا بینیوە، ئەوەدەپرسێت پێویستە ئافرەتان بزانن بۆچی مێردەکانیان پەنا بۆ ئافرەتی دیکە دەبەن و لە ئامێزی ئەوان دەگیرسێنەوە؟

هەروەها دەڵێت: گەر ڕاستە پیاو حەزی لە گۆڕانە با ژنەکەی خۆی ئەو گۆڕانەی بۆ دروست بکاو وانەکات تووشی ڕۆتین

و نیگەرانی بێ، هەر بە بۆچوونی (ئاسۆ) هۆکارەکان هەرچییەك بن ئەوا دواجار هەر ئافرەت زەرەرمەندەو ناوی دەزڕێ.

_ (فەرمان عوسمان) ی خێزانداریش دەڵێت: زیاتر ئەو پیاوانە دەکەونە ژێرکاریگەری کچان کە ژیانی هاوسەرییان لە ڕێگەی خۆشەویستی پێك نەهێنابێ یان بە ئارەزووی خۆیان هەڵبژاردنیان نەکردبێ، (فەرمان) ئەوەشی گوت: کە ترس لە قەیرەیی و کۆچکردنی لاوان بەرەو هەندەران لەو هۆکارانەن پاڵ بە کچانەوە دەنێن هەرچۆنێك بێ هاوژینێك بۆ خۆیان بدۆزنەوە تا نەکەونەبەر تارمایی قۆناغی قەیرەییەوە.

_ (شیلان) کچێکە پاش ئاشکرا بوونی پەیوەندی لەگەڵ پیاوێکی خێزانداری دراوسێیان، ئێستا باجی هەڵەکەی دەدات، (شیلان) گوتی: ئەو ژنێکی جوان و دەلالی هەبوو، وابزانم هیچ گرفتێکیشیان لەگەڵ یەکتری نەبوو، بەڵام ماوەیەك بوو جوانی ئەو پیاوە سەرنجی ڕاکێشابووم،بۆیە توانیم بە شێوازی جۆراوجۆر دەستەمۆی بکەم، نیگای بۆخۆم کێش بکەم، دوای یەکترناسین و گۆڕینەوەی ژمارە مۆبایلەکانمان، بەردەوام ریسالەی بۆ دەناردم و پەیوەندی پێوە دەکردم، تا وایلێهات بەیەکەوە دەردەچووین و ژوانمان دەبەست،لە ڕاستیدا زۆر سودم لێی وەرگرت،چونکە بەردەوام کارتی مۆبایلی بۆ ڕەوانە دەکردم و ناوە ناوەش پارەی پێ دەدەام، ڕۆژێکیان ژن خوشکی ئەو پیاوە لەماڵی ئەوان دەبێ،بە ڕێکەوت سەیری مۆبایلی ئەو پیاوە دەکاو تەوای نامەکانی من لەسەر مۆبایلەکەی ئەو دەبینێ، یەکڕاست هەموویان دەگوازێتەوە سەر مۆبایلەکەی خۆی و دێتە لام، (شیلان) گوتی: گەر هاتە ماڵی ئێمە نامەکانی نیشان دام و هەڕەشەی لێکردم کە دەستبەرداری ئەو پیاوە نەبم ئەوا تەواوی نهێنییەکان ئاشکرا دەکات، لە ڕاستیدا من گوێم پێنەدا و قسەکانیم بە گرنگ وەرنەگرت و بەردەوام بووم، بەڵام هەر چەند ڕۆژێك پاشتر ژنەکەی هاتە ماڵمان و هەموو نامەکانی نیشانی ماڵەوەمان دا، باوك و براکانم زۆریان لێدام و هەڕەشەی کوشتنیان لێکردم، ئەو پارە و کارتانەی کە وەریشم گرتبوو هەموویان پێدامەوە، ئێستا ماڵەوە مامەڵەی دیل و تاوانبارم لەگەڵ دەکەن، ژیانم بۆتە دۆزەخ، نازانم چیبکەم؟

_ (بەهار عەزیز) یش لەلای خۆیەوە باسی لە بەسەرهاتێك کرد کە بۆتە هۆکارێك بۆ جیابوونەوەی لەگەڵ مێردەکەی، (بەهار) بۆی گێڕاینەوەو گوتی:ماوەیەك بوو مێردەکەم گۆڕابوو، ئەو سۆزو بایەخی پێشتر پێی دەدام وردە وردە بەرەو کزی دەچوو تاوای لێهات زۆر بەکەمی قسەی لەگەڵ دەکردم و لەگەڵم دادەنیشت، ڕۆژێکیان لە هۆکاری ئەو ڕەفتارەیم پرسی، گوتی: تکایە وازم لێ بێنە نەخۆشم،بەڵام قەناعەتم بەم قسانەی نەهات و پاش ماوەیەك زانیم پەیوەندی لەگەڵ کچێك هەیە،زۆر هەوڵمدا واز لەو ڕەفتارە نا بەجێیەی بێنێ، بەڵام بێ سوود بوو، بۆیە دەرەنجام لێك جیابووینەوە ئەویش ژنێکی دیکەی هێنا.

_ (دلێر ئەنوەر) ی کۆمەڵناسیش لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی وای بۆ دەچێت کە هۆکارەکانی ئەو بابەتە جیاوازو جۆراو جۆرن،هەندێك پەیوەستە بەجۆری پەیوەندی نێوان ژن و مێرد و هەماهەنگیان لەگەڵ یەکدی هەندێکی دیکەش بە تێنەگەیشتن لە مانای پیرۆزی هاوسەرێتی،ئەو گوتی: جاری واش هەیە ئەو خەیاڵەی پیاو بۆ ژیانی هاوسەرێتی هەیەتی لە واقیعدا وا دەرناچێت،بۆیە لێرەدا تووشی هێدمە دەبێ، (دلێر) پێی وابوو ئەو بابەتەی کەباسی لێوە دەکەین ناکرێت بە دیاردە ناوزەندی بکەین بەڵکو وەك ئەو دەڵێ چەند حاڵەتێکە و بەس، بەڵام حاڵەتێکی نامۆ و نامەقبوول لە کۆمەڵگەی ئێمەدا.



هەبوونی فەراغی عاتیفی لە ژیانی هاوسەریدا زۆر لە پیاوان هاندەدات بە دوای ئافرەتێکی دیکەدا بگەڕێن

سێکس لایەنێکی گرنگە لە ژیانی پیاواندا،بۆیە گەر ئافرەت نەیتوانی لە ئاست داواکارییەکانی پیاو دابێ ئەوا چاو لەدەر دەبێ و تووشی لادان دەبێ

**زوو شووکردنی کچان لایەنە نێگەتیڤەکانی زۆرترە لەلایەنە ئەرێییەکانی**



# زوو مێردکردنی کچان ئەو دیاردەیەی بەرەو فراوانبوون دەچێ هۆکارەکانی چین؟

هەر سەردەمێك دیاردەی کۆمەڵایەتی تایبەت بەخۆی لەگەڵ خۆیدا دێنێ، بۆ نموونە کۆمەڵگاکانی دوای شەڕ کۆمەڵێك دیاردەی لێ سەرهەڵدەدا کە لە سەردەمی شەڕ نەدەبینران ، بەتایبەتیش دیاردەی وەك کۆچ کردن و زۆربوونی ڕێژەی رەگەزی مێ و ...هتد.

ئەوەی ئێمە مەبەستمانە باسی بکەین ، مەسەلەی زوو مێرکردنی کچانە.. تەنانەت وای لێهاتووە دەگوترێ ئەمرۆ ئەوەی زووتر بەختی مێردکردنی هەیە، کچانی لە دایکبوویی (یان دەگوترێ مۆدێلی ) ١٩٩٠ بەسەرەوەیە.

دەبێ سروشتی ئەو جۆرە زوو شووکردنە چۆن بێ و بۆچی کچانی ئەمرۆ حەز دەکەن لە تەمەنی (١٤)ساڵی بەسەرەوە شووبکەن؟

قەیرەیی کچان گرفتێکی کۆمەڵایەتی ئاشکرای کۆمەڵگەی ئێمەیە ، ئەمە ترسێکی دەروونی لای بەشێکی زۆری کچان دروستکردووە، کە بۆ ئەوەی دووچاری ئەو کێشەیە نەبن، ناچار هەر دەرفەتێکی شووکردنییان بۆ بێتە پێشەوە هەلی دەقۆزنەوە بڕیاری زەماوەند دەدەن، لەو بارەیەوە پارێزەر سامی لەتیف برا، پێی وایە کە کچان لەو لایەنەوە هەقی خۆیانە لەوە بترسن کە تا نەگەیشتونەتە نێو بازنەی قەیرەیی خەمێك لە دوا ڕۆژی خۆیان بخۆن و بڕیاری شووکردن بدەن، ئەو دەڵێ: شووکردن بڕیارێکی شەخسیەو تایبەتە بە خودی ئەو کچەی کە ئەم بڕیارە دەدات، بەڵام لەبەر ئەوەی شووکردن لە تەمەنێکی بچووکەوە ڕەنگدانەوەی خراپی هەیە، هەم لەسەر کچەکە و هەم بۆ ئەوکەسەی کەژیانی هاوسەرێتی لەگەڵدا

**لەوانەیە هۆکارێکی دیکە پەیوەندی بە حەزی کوڕانەوە هەبێ کە خۆیان خولیای هاوسەرگیرین لەگەڵ کچە تەمەن بچووکەکان**



پێـك دێنێ، بۆیە لایەنە نەرێیەکانی زۆرتر لە ئەرێنییەکانی ئەوانــەی کە لە تەمەنێکی زووەوە شــوو دەکەن رەنگە لەبەر ئەوەشــبێ، لــە خێزانێکی هەژاربن، یــان پابەندی نەریتی خێڵەکی بن، یان رەنگە هەر لەبەر ئەوەبێ دایك و باوکی لەو باوەڕەدابن، کە کچ هەتا زوو شــووبکات درەنگە  هۆیەکی دیکەش من بۆ ئەوەی دەگێڕمەوە بەشــێکی زۆری کوڕانی خوازبێنیکەر ئەمڕۆ حەز دەکەن تەمەنی کچ بچووکتر بێ و لە دایکبووی ساڵانی نەوەدەکان بێت.

بەڵام بە رای مامۆســتا( یاســین محەمەد جەوهەر) کچ بەشــوودان لە تەمەنێکــی زوودا، نیشــانەی ئەوەیە ئێمە ژمارەیەکــی زۆری قەیــرە کچمان هەیە یــان ژمارەیەکی زۆرمان لە ئایندەدا دەبێ و گەرەکە بە چاوێکی پڕ بایەخەوە تەماشای ئەم مەسەلەیە بکەین، چونکە ماقوڵ نییە کچێك لە تەمەنی (٢٠) ساڵیدا بێ و بەختی شووکردنی قفڵ درابێت، لە هەمان کاتیشــدا ماقوڵ نییە کچێـك لە تەمەنی (١٥-١٦) ســاڵیدا بێ بیر لەوە بکاتەوە شان بداتە بەر هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی خێزان دروستکردن و بەڕێوەبردنی، بە هەر حاڵ ئەمە واقیعەکەیە و لەبەر چاومانە.

بۆیە وا چاکە ئەم مەسەلەیە بە هەند وەربگیرێت و دەزگاکانی راگەیاندن بایەخی پێبدەن و مێزگرد و ســیمیناری لەســەر رێکبخــەن  و ئــەو دەرەنجامە نێگەتیڤانەی کــە لەم جۆرە هاوسەرێتییە پەیدا دەبن شرۆڤە بکرێن، خێزانەکان، بەتایبەتی گوندنشین و گەڕەکە میللییەکانی لێ هوشیار بکرێتەوە، بۆیان روونبکرێتەوە کچێك بەو بچووکییەوە هی ئەوە نییە بە شــوو بدرێــت و بەرپرســیارێتییەکانی بەڕێوەبردنی خێزانی بخرێتە ئەســتۆ، لەوەش ترسناکتر ئەوەیە زۆربەی ئەو کچانە کە بەو تەمەنە زووەشــەوە شوو دەکەن هەر یەکەی چەند منداڵێکیان دەبێــت و زۆربەی ئەو کچانەش ئەگەر قوتابی بووبن، دوای شــووکردنیان واز لــە خوێندن دێنن،  جا تۆ وەرە ســەیرکە، خۆی نەخوێندەوارە، خاوەن کۆمەڵێك منداڵیش بێت کە دڵنیام زۆربەیــان منداڵەکانیــان  بەو پەڕی هەڵە و نا دروســت و نەزانییــەوە پەروەردە و بەخێو دەکەن کــە نەوەی دوا ڕۆژیش ئــەم جۆرە منداڵانەیە، مەگەر خودا بۆ خۆی چارەنووســی ئەم میللەتە بزانێ چی دەبــێ، هەروەها  خاتوو(زبێدە بایز) یش شــووکردنی کچانی لە تەمەنێکی زوودا، بە زەنگێکی مەترســی زانی و پێی وایە پێویستە بە وردی لەو هۆکارانە بکۆڵنەوە کە دەبنە هۆی ئەوەی زۆرێك لە خێزانەکان کچانیان زوو  بە شوو بدەن، ئەو دەڵێ:

ئەوە شــتێکی بەڵگە نەویستە کە شــووکردنی کچ لە خوار تەمەنی (١٨) ســاڵییەوە کارێکی ناڕاســت و نا دروســتە، نــا دروستییەکەشــی لە هەموو روویەکەوەیــە،  جارێك کەم ئەزموون و دنیا نەدیتەیە، جارێکی تر لە رووی جەســتەییەوە بە تەواوەتی  پێنەگەیشتووە و هی ئەوە نییە بچێتە نێو ژیانی هاوســەرێتییەوە، بەڵام بەڕاستی ئەو مەســەلەیەش لەخۆوە ســەری هەڵنــەداوە.. ئەوەتا ئەو کچانەی کە لە ســاڵانی نەوەدەکانــەوە لە دایکبوونە ئەوان زیاتر داخوازیان هەیە،  واتە هۆکارەکە تەنیا کچان نین، بەڵکو بەشێکی زۆری هۆکارەکەی بــۆ کوڕانی خوازبێنی کەریش دەگەڕێتەوە، ئەوانیش کچانی لە خوار(١٩٩٠) نا خوازن، هەروەها ترس لە قەیرەیی بوونیش هۆکارێکــە، چاولێکەری و لاســایی کردنــەوەش لایەنێکی مەســەلەکەیە و زەمینەی بڵاوبوونەوەی ئەو بۆچوونە خۆش دەکات کــە کوڕان بەتایبەتی دایــکان و باوکانیان حەز بکەن کچی وا بۆ کوڕەکەیان بخوازن کە بە تەمەن بچووك بێت.

بە هەر حاڵ ئەمە کێشەیەکە و هەیە، بەڵام تەواو نەورووژێندراوە وەك کێشەیەکی کۆمەڵایەتی کە رەنگە لە دوا رۆژدا کۆمەڵێك دەرەنجامی نەویسترا و خراپی لێبکەوێتەوە.

●●●
**زوو مێرکردن ترسە لە قەیرەیی**
●●●

●●●
**زوو مێردکردن وا دەکات کچان دەستبەرداری خوێندن بن و کەم تەجرەبەش بن لە پەروەردەکردنی منداڵەکانیان**
●●●



# ئازادی لە ژیانی هاوسەریدا

## ئایا لە نێوان هاوسەراندا پانتاییەک هەیە بەناوی ئازادی؟

■ پێش چوونە نێو ژیانی هاوسەری، هەریەکە لە کوڕو کچ جیهان و مۆڕاڵێکی تایبەت بەخۆیان هەیە، تیایدا بەپێی عادات و تەقالیدی کۆمەڵگەو ئەو چوارچێوە کۆمەڵایەتییەی تێیدا دەژین، تێکەڵاوی و پەیوەندی بە دەوروبەریان دەبەستن و ئارادەیەکیش بەشێك لەو ئازادی و حەزانەی هەیانە بەرجەستەی دەکەن، وەلێ دوای قۆناغی هاوسەرگیری، بارودۆخەکە سەدو هەشتا پلە دەگۆڕێ، ژیان و هەڵسوکەوت و پەیوەندی و بەشێك لەو ئازادییانەی هەبوون، لەبەر سێبەری ئەو قۆناغە نوێیەی ژیان رووەو جیاوازی و گۆڕان دەچن، لێرەدا پرسیاری گرنگ ئەوەیە، ئایا لە ژیانی هاوسەریدا شتێك هەیە بە ناوی ئازادی؟ گەر هەیە ئەوان چۆن سەیری دەکەن؟ چوارچێوەو سنوورەکانی چین؟ ئافرەتیش هاوشێوەی پیاو دەتوانێ پەیڕەوی بەشێك لە ئازادییەکانی بکات؟■

بە بڕوای مامۆستا (ناجیە نورەددین) چەمکی ئازادی لە ژیانی هاوسەریدا لە کۆمەڵگەیەك بۆ یەکێکی دیکە جیاوازە، ئەو دەڵێت: مەوداکانی ئەو ئازادییە لە کۆمەڵگە ڕۆژهەڵاتییە داخراوەکان بۆ ئافرەت تەواو سنووردارو بەرتەسکە، کەچی لە بەرامبەردا پیاو بە ئارەزووی خۆی هاوشێوەی ژیانی کوڕێنی چی بوێت دەیکات، گەر حەزی لێ بێ سەفەر دەکات و دەچێتە بازاڕ، برادەرایەتی کچان دەکات...تاد بەڵام واری ئەو ئازادییە سەرەتاییانە بۆ ئافرەت سنووردارەو پیاو نەخشەی دەکێشێ.

بەڵام لە ڕوانگەی خاتوو (نادیە عەبدوڵڵا)ی تەمەن (٣٠) ساڵە، پیاویش وەك ئافرەت بەهۆی ژیانی هاوسەرییەوە زۆرێك لە ئازادییەکانی لە دەست دەدات، ئەو گوتی: لەو قۆناغەدا شتێك نامێنێ ناوی ئازادی بێ، هەردوولا هەڵسوکەوت و کارو کردارەکانیان گرێدراوی یەگدی دەبن، هەر بەپێی قسەکانی (نادیە) زۆرجار تێنەگەیشتن یان دیار نەبوونی سنووری ئازادییەکان هۆکارێکە بۆ دروستبوونی گرفت و ئاریشەی خێزانی و دواتریش لێکجیابوونەوەو کۆتاهێنان بەو ژیانە.

(هەبوونی ئازادی لە ژیانی هاوسەریدا سوودبەخشە بۆ خێزان)


(لاڤە قادر) وێڕای ئەو قسانە ئەوەشی گوت: داچەپاندن و سانسۆر خزمەت بە ژیانی خێزان ناگەیەنێت، چونکە تۆ گەر بتەوێت تەندروست و دروست بژیت نابێ ئازادی هاوژینەکەت زەوت بکەی، هەر بە بۆچوونی (لاڤە) هەبوونی ئەو ئازادییە نەك هەر پێویستە بەڵگە گرنگ و زەروریشە بۆیە دەڵێت: نەبوونی ئازادی لە ژیانی هاوسەریدا زۆرجار پیاو و ژن تووشی هەڵەو کێشە دەکات، بۆی هەیە لە ڕێگەی ڕاستیان لابدات.

بەبڕوای (سومەییە ئەحمەد عەلی) فەرمانبەریش جیاکاری لەنێوان ئازادی و بەرەڵڵاییدا زۆر زەرورە، ئەو گوتی: من کە بوومە هاوژیانی پیاوێك پێویستە ئازادییەکانم لەو چوارچێوەیەدابێ یان لەو سنوورە بوەستێ کە ئازادی ئەو دەست پێدەکات، پێچەوانەی ئەمەش هەر ڕاستە، (سومەییە) کە (٣) ساڵە ژیانی هاوسەری پێکهێناوە باسی لەوەشکرد تائێستا خۆی و مێردەکەی لەم ڕووەوە زۆر لێکگەیشتوو تەبان، چونکە هەردوولا دەزانن چۆن ئازادی پەیڕەو دەکەن، هەروەها گوتیشی: بەڵام بەشێکی زۆری هاوسەران، جا بەهۆی زەوتکردنی ئازادییەکانی ئافرەت بێ لەلایەن پیاوانەوە یان بەهۆی زێدەڕۆیی کردنی ئافرەتان بێ لە بەرجەستەکردنی ئەو ئازادییەی هەیانە، ڕووبەڕووی ئاریشەو کێشە دەبنەوە، بۆیە دواجار دەڵێت: ئەسڵی کێشەکە تێگەیشتنمانە لە چەمکی ئازادی و چۆنییەتی پەیڕەوکردنی.

ئاشکرایە وەزعی پیاو لە کۆمەڵگەیەکی وەك ئێمەدا تەواو جیاوازە بە بەراورد لەگەڵ بارودۆخی ئافرەت، زۆر لەو کارو کردارانەی بۆ ئەو حەڵاڵ و ڕێپێدراون بۆ ئافرەت حەرام و بقەن.

بە گوتەی (بەختیار حەویز)ی ئەندازیار مادامەکی ئافرەتیش شان بەشانی پیاو پشکدارە لە بەڕێوەبردنی کۆمەڵگەو ڕێکخستنی کارەکانی خێزان و دابینکردنی خەرجییەکانی، ئەوا ئەویش وەك پیاو پێویستە ئازاد بێ لە هەندێ شتدا، (بەختیار) گوتی: هەر کەسێك ئەرکی هەبوو و بە ڕێکوپێکی بەجێی گەیاند، ئەوا کۆمەڵە مافێکیشی دەبێ، زەوتکردنی ئەو مافانە، زەوتکردنی ئازادییە، بەختیار باسی لەوەشکرد کە تا هەنووکە لە کۆمەڵی ئێمەدا پیاو بە ئەقڵییەتی (١٠٠)ساڵ بەر لە ئێستا هەڵسوکەوت دەکات، بێگومان کارکردن بەو ئەقڵییەتە سەرچاوەی بەشی زۆر گرفتە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەی کوردەوارییە.

(عەبدوڵڵا محەمەد) پیاوێکی ڕیش و پرچ ماش و برنجە، ئەو لە گرێی شەشەمی تەمەنیدایەو ساڵێکە خانەنشینکراوە، (عەبدوڵڵا) ئازادی ئافرەتی خێزانداری بەجۆرێك لە بەرەڵڵایی بۆ وەسفکردین و بە ڕوویەکی گرژەوە لێمانی پرسی: کاکە ئێوە باس لە چی دەکەن؟ بۆ چما پیاو لەو وڵاتەی ئێمە ئازادە تا باس لە ئازادی ئافرەت بکەین؟ (عەبدوڵڵا) بڕوای وابوو هەر ئەو ڕێپێدان و ئازادییە، ئافرەتان بەرەو لادان دەباو لە ڕێگەی ڕاستیان لاددەدات بۆیە گوتی: ئافرەت کە شووی کردو چووە ماڵ و مێردی خۆی، دەبێ دەستبەرداری هەندێك لەو حەزو کردارو پەیوەندییانەی بێ کە لە ژیانی کچێتیدا تەمەتوعی



**تووێژەرێکی کۆمەڵایەتی: پێویستە ئازادی کۆمەڵایەتی لە چوارچێوەی پێودانگ و ڕوانگەی کۆمەڵگە ممارەسە بکرێ، چونکە ژن و پیاو ئاوێنەی یەکتر لە نێو خەڵکدا**

**من کە بوومە هاوسەری پیاوێک دەبێ ئەوە بزانم ئازادییەکانم لەو سنوورە دەوەستێ کە ئازادییەکانی ئەو دەست پێدەکات**

**هەر ئەو ڕێپێدان و ئازادییە ئافرەت بەرەو بەرەڵایی و لادان دەبات!!**

**گەر پیاو ڕەوایی بەخۆیدا لە حەرەمی ژیانی هاوسەریدا تەمەتوع بە هەندێ ئازادی بکات، پێویستە ئەو ئازادییە بە ژنەکەشی بدات**



پێوه دەکردن، چونکه لەو قۆناغەدا ئازادییەکانی گرێدراوی ئازادی کەسێکی دیکە دەبێ کە مێردەکەیەتی.

جیاواز لەگەڵ بۆچوونەکانی مام(عەبدوڵلا)،(توانا عەلی) قوتابی زانکۆ پێیوایە چۆن پیاو ڕێگە بەخۆی دەدات لە حەرەمی ژیانی هاوسەریدا تەمەتوع بە هەندێ ئازادی بکات ئەوا بە هەمان شێوە گرنگە ئەو ئازادییە بە هاوسەرەکەشی بدات،(توانا) کە ئێستا لە تەمەنی(٢٢) ساڵیدایەو ژنی نەهێناوە گوتی: زۆر ئاساییە گەر هەر کچێك بەر لەوەی مێرد بە کوڕێك بکات پێی بڵێ(لە ژیانی هاوسەریدا هەندێ ئازادیم پێبدە تا مێردت پێبکەم) بە مەرجێك جۆری ئەو ئازادییانە ئازادی مەعقول و ڕێپێدراوبن لە کۆمەڵگەو نەبنە هۆکاری تێکچوونی شیرازەی خێزان.

لە ڕوانگەی(زانا عەبدولخالق)ی کاسبکاریش لێکگەیشتن و باوەڕ بە یەکتری بوون سەنگی مەحەکن لەو باسەدا،(زانا) دەڵێت: چۆن من هاوڕێم هەیەو لەگەڵیاندا دەچمە بازاڕو سەفەر دەکەم و دەگەڕێم، ئاساییە بۆ ئەویش لەگەڵ دەستە خوشك و خزمەکانی سەفەر بکاو بڕواتە شوێنە گشتییەکان و لە کارکردندا هاوکاری کوڕی هەبێ، چونکە ئەگەر هەردوولا هەستیان بەو بەرپرسیارییەتییە کۆمەڵایەتییەکرد کە لە ئەستۆیاندایەو زانیان هەر یەکەیان لە نێو خەڵکیدا نوێنەرایەتی کەسایەتی ئەویدیکەیان دەکات، ئەوا هەرگیز هەڵە ناکەن و دەزانن چۆن سوود لەو ئازادییانە وەردەگرن کە بە یەکتریان داوە.

(لە کۆمەڵگەیەکی وەك ئێمەدا دانانی مەرجی ئازادی لە ژیانی هاوسەریدا بۆ شووکردن خزمەت بە کچان ناکات).

تووێژەری کۆمەڵایەتی(بەفرین حەمە ڕەزا) سەرباری ئەو قسانەی، باسی لەوەشکرد کە لە ڕووی زانستییەوە هەبوونی ئازادی لە ژیانی هاوسەریدا یەگجار گرنگ و زەروورە بەڵام وەك ئەو دەڵێت: بەداخەوە زۆرینەی پیاوان قبووڵی ناکەن و بەجۆرێك لە لادان و بەڕەڵڵایی ناوزەندی دەکەن،(بەفرین) گوتی: چەمکی ئازادی کۆمەڵایەتی چەمکێکی ڕەها نییە، بەڵکە لە شوێنێك یان لە شارێك بۆ یەکێکی دیکە دەگۆڕێ، بۆیە وا باشە بەپێی پێودانگ و ڕوانگەی کۆمەڵگە مومارەسە بکرێ، نەخاسمە لە حاڵەتی هاوسەرگیریدا، بۆیە دواجار دەڵێت: پێویستە ژن و مێرد ئەو ڕاستییە بزانن مەوداکانی ئازادی سنووردارەو هەریەکەیان ئاوێنەی ئەویدیکەیان لەنێو خەڵکیدا.